

## خۆپیێشاندانی کوردی هۆڵەندا لە دانهاخ    رۆژی هەینی

**بۆ ئەوەی گوناهی مێژوومان بەسەردا دووبارە نەبێتەوە ، بۆ ئەوەی دەستکەوتەکانی خەبات و رەنجی گەلەکەمان نەکرێنە قوربانی گەمە سیاسیەکان ، بۆ ئەوەی چارەنووسی گەلی کوردستان نەکەوێتە ژێر رەحمەتی بەرژەوەندیە سیاسیەناوچەیی و نێودەوڵەتیەکان ، بۆ ئەوەی خاڵە دژوارەکانی ڕاپۆرتی بیکەر _ هاملتۆنی دژ بە دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان نەسەپێ بەسەرماندا ، کۆمەڵەو رێکخراوە کوردییەکانی هۆڵەندا خۆپیێشاندانێك بەردەم باڵوێزخانەی ئەمریکی لە شاری لاهای ( دانهاخ ) سازدەکەن و یاداشتنامەیەك ئاراستەی سەرۆك بۆش و حکومەتی ئەمریکی دەکەن بۆ ڕەتکردنەوەی ئەو ڕاپۆرتە .**
**بەناوی هەموو ئەو رێکخراوانەی خوارەوە داوا دەکەین لە ڕەوەندی کوردی لە هۆڵەندا بەشداری بکەن لەو خۆپیێشاندانە بۆ ئەوەی نامەیەکی شارستانیانە ئاراستەی ڕای گشتی هۆڵندی و جیهانی بکەین و دەنگمان بگەیەنینە حکومەتی ئەمریکی بۆ پەسەند نەکردنی ئەو خاڵانە .**

**بەشداریتان دەربرینی وولامی نارەزایی گەلی کوردستانە لەمەر ئەو ڕاپۆرتە  ، ئامادەبوونتان لە ژێر ئالای کوردستان نیشانەی دڵسۆزیتانە بۆ مللەتەکەتان و وەفادارییە بۆ خوێنی گەشی شەهیدە نەمرەکانمان .**

**سەری رێز و نوازش بۆ شەهیدانی رێگای ئازادی کوردستان .**

**کات و ئەدرەسی خۆپیێشاندان :**
**رۆژی هەینی** 2006-12-22 ..... **کاتژمێری** 00 : 13 **ی نیوەرۆ .**
**بەردەم باڵوێزخانەی ئەمریکی لە شاری لاهای ( دانهاخ ) .. سەنتەری شار .**
**بەپێ ،** 5 **خولەك لە سەنترال ستاسیۆنی شەمەنەفەری دانهاخەوە دورە .**

**American Embassy**
**Lange Voorhout 102**
**2514  EJ  DEN HAAG**

**بزووتنەوەی ڕیفراندۆمی کوردستان _ هۆڵەندا**
**سەنتەری هەڵەبجە دژ بە جینۆساید و ئەنفال (چاك ) _ هۆڵەندا**
**یەکێتی قوتابیان و لاوانی کورد _ هۆڵەندا**
**یانەی کوردی میدیا _ ئەمستردام**
**یەکێتی ژنانی کوردستان _ هۆڵەندا**

یانەی کوردی میدیا ـ رۆتردام
سەنتەوی کەلتوری کوردی ( نەورۆز ) – لایدن
مەڵبەندی کەلتوری کوردی ـ دانهاخ
یانەی کوردی میدیا ـ ئەنشخێدە
یەکێتی نێونەتەوەیی دیموکراتی کوردستان ـ هۆڵەندا
کۆمەڵەی کوردی ـ ئارنێم
یانەی کوردی میدیا ـ دێلْفت
رێکخراوی گەشەپێدانی کەرکوک ـ هۆڵەندا
ناوەندی کوردی ـ زوتەرمیر
یانەی کوردی میدیا ـ هێنگلۆ
رێکخراوی رۆشەنبیری کورد ـ دانهاخ
ئەنجومەنی ژنانی کورد ( میدیا )
ئەنجومەنی گەنجانی کورد ( میدیا )
یانەی کوردی میدیا ـ لیواردن


بۆ پەیوەندی و زانیاری زیاتر :

**0626951120**
**[Alimahmud2001@yahoo.com](mailto:Alimahmud2001@yahoo.com)**

**0617360567**
**[s.mahmood@wanadoo.nl](mailto:s.mahmood@wanadoo.nl)**